# ڕووداوەکانی فەڵەستین، هۆشداریەکی مەترسیدار بۆ خەڵکی کوردستان !

عرفان کریم
Arfan96@yahoo.de



دیمەنەکانی پەلامار وهەڵکوتانە سەر بارەگاکانی یەکتر لە نێوان چەکدارەکانی سەر بە میلیشیاکانی (فەتح) و بزووتنەوەی(حەماس) لەهەفتەی رابوردودا و دەستدرێژی کوێرانەی هەردوولا بۆ سەر نوسینگەو دامەزراوە حکومەتیەکان و گرتن و گوللەبارانکردنی دەستبەجێی دیلەکانی جەنگ و سوتاندن و تالآنکردنی ماڵ وجێگاو شوێنی حەوانەوەی بەرپرسیارانی یەکتر ، بۆ جارێکی دیکە جەماوەری فەڵەستینی گیرودەی کێشەیەکی دیکەو مەینەتیەکی دیکە کردەوە، سەرباری کوشتارو دەستدرێژی ڕۆژانەی هێزە سەربازیەکانی حکومەتی شۆڤێنیستی ئیسرائیل و داسەپاندنی سیاسەتی گەمارۆی ئابووری و پەرەسەندنی دیاردەکانی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (فەتح ـ حەماس ) دا ، ئەمجارەشیان شەڕو جەنگی میلیشیایی نێوان دوو لایەنی(قەومی ـ ئیسلامی ) قورسایی و بارگرانیەکی تری خستەوە سەر شانی خەڵکی ستەمدیدەی فەڵەستین ، ئەگەرچی پەرەسەندنی ئەم ڕووداوانە بەرۆشنی دەستێوەردان و کاریگەری فشاری (دەرەکی) هێزە ناوچەیی‌و جیهانیەکانی پێوە دیارەو ئەم واقعیەتە هاوکات لەگەڵ هەر توندی و بارگرژەیەک لە نێوان حکومەتی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی ئێران و دەسەڵاتی ملهوری سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا، هەرەشەو جەنگی میلیشایی لە نێوان (حەماس)ی وابەستە بە جمهوری ئیسلامی ئێران و( فەتح)ی هاوپەیمانی ئەمریکا دەستپێدەکاتەوەو دێتەوە مەیدان ،بەڵام سەرەرای ئەم وابەستەیی سیاسیە ،لە هەقیقەتدا ئەم (دەستێوەردانە دەرەکیە) دەکرێ وەک بەشێک لە سیاسەت و ئامانجی هەردوو لایەنی شەڕکەری(حەماس وفەتح ) تەماشابکرێت ،بەتێکەڵبوونی بەرژەوەندی یە سیاسیەکانی بزووتنەوەی حماس وفەتح لەگەڵ بەرژەوەندی وسیاسەتەکانی ئیسلامی سیاسی و ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

گرتنەبەری سیاسەتی پەلاماری چەکدارانەو هەڵوەشانەندەوی (حکومەتە ئیتلافی )یەکان وسەرجەم ڕێکەوتنامە وبەڵێن و بریارە رەسمیەکانی نێوان یەکترو یەکلاکردنەوەی مەسەلەی حوکم و دەسەڵات بەزەبری کوشتارو پەلاماری چەکدارانە خەسڵەتێکی سەرکوتگەرانە و شوناسنامەی نادیموکراتی و ماهیەتی سیاسی راستەقینەی ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا ، مانەوەی سیاسەتی رەگەزپەرستی و فاشیستیانەی حکومەتی ئیسرائیل لە بەرامبەر خەڵکی ستەمدیدەی

فەڵەستیندا هۆکارێکی بنەرەتیە لە درێژەدان بە تەمەنی ئیسلامی سیاسی وناسیونالیزمی عەرەب وبەهێزبوونیان لەم ناوچەیەدا.

لەرووی سیاسی ومێژووییەوە پەیوەندی ئەم رووداوانەی فەڵەستین بە کوردستانەوە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمرۆ ئێمە دەبینین بەهەمان شێوە سیاسەتی هێشتنەوەی چارەنوسی کوردستان بە هەڵواسراوی ونادیاری لەنێوان ناسیونالیزمی کوردو دەسەڵاتی سەربازی ئەمریکاو حکومەتی ئیسلامی ـ عروبەیی لەعێراقدا درێژەی پێئەدرێت و کوردستان بەهەمان شێوە{ ئەگەرچی حەماس رێکخراوێکی ئیسلامیە بەڵام هەمان خەسڵەتی میلیشیایی هەیە} لەژێر حاکمیەتی دوو هێزی کۆنەپەرست و میلیشیا ـ عەشیرەتی ناسیونالیزمەوەیە( یەکێتی و پارتی) کە چەندین جار لەم جۆرە کردەوە نابەجێیانەی(حماس وفەتح ) یان لەبەرامبەر یەکتردا ئەنجامداوەو هەریەکەیان بەشێوازی جۆراوجۆر لە پێناو بەرژەوەندیەکانی تەسکی میلیشیایی خۆیاندا هاوکاریان لەگەڵ کۆنەپەرسترین هێز لە ناوچەکەو جیهاندا کردوە، تەجروبەی حاکمیەتی 15 ساڵەی ئەم دوو لایەنە لەکوردستاندا گەواهی لەسەر ئەنجامدانی دەیان کارەساتی خوێناوی لەو جۆرە دەدەن ، یەکلانەکردنەوەی چارەنوس وداهاتووی سیاسی کوردستان و لەتاریکی هێشتنەوەی دوارۆژی ئەم ناوچەیە مەترسی و ئەگەرەکانی هەڵگیرسانەوەی جەنگ و روودانی دەستدرێژیەکانی دەسەڵاتی میلیشیا ــ عەشیرەتی بۆ سەر ژیان وئارامی خەڵکی کوردستان زیاتر دەکات .

بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەری لەپێناو ریفراندۆم وسەربەخۆیی و بەپێشرەوی هێزی چەپ وکۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستاندا رێگاچارەیەکی واقعی ودروستە بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی گەش ورۆشن .

17.06.2007